# بەبەشداری زیاتر لە 2000 هەزار کەس کەس و کاری ئەنفالکراوەکانی ڕزگاری خۆپیشاندان دەکەن




**ئامادەکردنی ڕاگەیاندنی نوێنەرایەتی  ناوەندی چاك لە گەرمیان**

www.chak.be
chak_org@yahoo.com

**سەرلەبەیانی ئەمڕۆ 2007/11/22 لە ئۆردگای ڕزگاری کە زۆرترین کەس و کاری ئەنفالکراوەکانی لێنیشتەجێیەوبەسەر پەرشتی زیاتر لە 14ڕێکخراوی تایبەت بە ئەنفال وجینۆساید ڕێپێوانێکی هێمنانەیان ئەنجامدا. لە کاتژمێر نۆونیوی سەرلەبەیانییەوە کەس وکاری ئەنفالکراوەکان وبەبەشداری جەماوەرێکی بەرچاو لە نزیك بازاڕی سەرەکی ئۆردوگاکە بۆ بەردەم بەڕێوەبەرایەتی ناحی دەستیپێکرد. خۆپیشاندەران چەندین لافیتەیان بەرزکردبۆوە کە تێیاندا هاتبوو، نا بۆ دەستێوەردانی  سیاسی لەکاروباری دادوەری.... پێویستە تاوانبارانی ئەنفال( سوڵتان هاشم وعەلی کیمیاوی وحسێن ڕەشید )لە سێدارە بدرێن...بێدەنگی سەرۆکایەتی هەرێم و پەرلەمان وحکومەتی هەرێم لە بەرامبەر هەوڵی لە سێدارە نەدانی تاوانبارانی ئەنفال ڕەتدەکەینەوە. لە بەردەم بارەگای ناحیە لە لایەن بەڕێز مەلا سەعید سەرۆکی ئیدارەی گەرمیان وبەڕێوەبەری ناحیەوە پێشوازییان لێکرا، لەهەمان کاتدا یاداشتی کەس وکاری ئەنفالکراوەکان لە لایەن بەڕێز هاوڕێ پێشڕەو بەرپرسی لیژنەی داکۆکیکردن لە کەس وکاری ئەنفالکراوەکان خوێندرایەوە، لە یاداشتەکەدا هاتبوو( کەس وکاری ئەنفالکراوەکان داوادەکەن دەسەڵاتی سیاسی دەس نەخاتە کاروباری دادوەری عێراقەوەو بڕیارەکانی دادگای باڵای تاوانەکان لە عێراق لە سەر تاوانبارانی دۆسیەی ئەنفال جێبەجێ بکرێن ).شایانی باسە یاداشتی کەس وکاری ئەنفالکراوەکان ئاراستەی هەر یەك لە سەرۆکایەتی کۆمارو پەرلەمان وئەنجومەنی وەزیرانی عێراق وسەرۆکایەتی هەرێم**

وپەرلەمان وئەنجومەنی وەزیرانی کوردستان کرابوو. پاشان بەڕێز مەلا سەعید لەوتەیەکیدا لە بەردەم خۆپیشاندەران وکەس وکاری پاشماوەی ئەنفال داواکارییەکانی خۆپیشاندەران وکەس وکاری ئەنفالکراوەکانی پشتراست کردەوەو بەڵێنیدا یاداشتەکەیان بگەیەنیتە جێگای مەبەست وپشتگیریان لێبکات.هەر لەم بارەیەوە هاوڕێ پێشڕەو بەرپرسی لیژنەی داکۆکی کردن لە کەس وکاری ئەنفالکراوەکان وتی:ئێمە وەك ئەو ڕێکخراوانەی کە سەرپەرشتی ئەم ڕێپێوانەمان کرد بە وەزیفەی خۆمانمان زانی بەم ئەرکە هەڵسین وپێیشمان وایە جێبەجێنەکردنی بڕیاری دادگای باڵای تاوانەکان لە عێراق ودەستێوەردانی سیاسی لەو بڕیارانە لە سەر تاوانبارانی دۆ سیەی ئەنفال گەورەترین ناحەقییە بەرامبەر بە پرسی ئەنفال وکێشە نەتەوایەتی ونیشتمانیەکانمان).هەر لەم بارەیەوە تەها سلێمان نوێنەری ناوەندی چاك لە گەرمیان وتی:ئێمە بە هەموو شێوەیەك پشتگیری لە داخوازییەکانی کەس وکاری ئەنفالکراوەکان دەکەین وتەئکیدیش دەکەینەوە مافی هیچ کەس ولایەنێك نییە لە تاوانبارانی ئەنفال خۆش بێ وریگر بێ لە بەردەم جێبەجێکردنی بڕیاری لە سێدارەدانی هەر یەك لە تاوانباران سوڵتان هاشم وعەلی کیمیاوی وحسێن ڕەشید ودادگاییکردنی سەرجەم تاوانبارانی تری دۆسیەی ئەنفال،هەروەها ئەحمەد مەجید کە تەواوی خێزانەکەی بەر شاڵاوی ئەنفال کەوتووە:من وەك پاشماوەی کەس وکاری ئەنفال تەئکید دەکەمەو جێبەجێکردنی بڕیاری لە سێدارەدانی تاوانبارانی ئەنفال سەرەتایی ترین مافەکانی کەس وکاری ئەنفالکراوەکانە وبێدەنگیش نابین لە ئاست ئەوهەوڵانەی کە ڕێگرن لە بەردەم جێبەجێکردنی بڕیارەکەدا.ئەمەی خوارەوەش دەقی یاداشتەکەی کەس و کاری ئەنفالکراوەکانە :

## یاداشتی کەس و کاری ئەنفال کراوەکانی گەرمیان

## (( لەڕێگای بەڕێز ئیدارەی گەرمیانەوە))

بۆ/بەڕێز سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان

بەڕێز پارلەمانی کوردستان

بەڕێز ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان

بەڕێز وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوەکانی هەرێمی کوردستان

بەڕێز سەرۆکایەتی کۆماری عێراق

بەڕێز ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق

بەڕێز ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق

بەڕێز دادگای باڵای تاوانەکان لە عێراق

ئێمەی کەس و کاری ئەنفال کراوەکانی گەرمیان هاتوین لە ڕێگەی بەڕێزتانەوە پەیامی خۆمان رابگەیەنین بە ڕای گشتیو دەسەڵات دارانی عێراق و کوردستان کە زۆر نیگەرانین لە دەست تێوەردانی سیاسی لە بڕیارەکانی دادگای باڵای تاوانەکانی عێراقی فیدراڵ . ئەم دەست تێوەردانە ناوخۆیی و دەرەکییانەڕاستەو خۆ دەسەڵاتی دادوەری لە کۆماری عێراقی فیدراڵدا دە خاتە ژێر پرسیارەوە و فاکتەرێکیش دەبێت بۆ هەڵوەشانەوەی دەستوری عێراق و ئایندەی بەڕێوەچونی دەسەڵات لە عێراقدا دەخاتە مەترسیەوە .ئەمە وێڕای ئەوەی ئێمە وەك و کەس و کاری ئەنفالکراوەکان دڵخۆش بووین بە دەرەنجامی بڕیارەکانی دادگا و چاوەڕوانی ئەوە بووین دەسەڵاتی سیاسی و ئیداری لە عێراق و کوردستان پشتگیری بڕیارەکانی دادگابکەن و ناساندنی تاوانی ئەنفالکردنی گەلەکەمان وەك سیاسەتی جینۆساید بە نێوەندە نێوخۆیی و هەرێمایەتی و نێودەوڵەتییەکان بناسێنن و ڕایەکی جیهانی لەسەر ئەم تاوانە بێوێنەیە دروستبکرێت.بەلام بەداخەوە ئەم دەست تێوەردانە سیاسیە لەبڕیارەکانی دادگا و نەبوونی هەڵویستی فەرمی سەرۆکایەتی هەرێم و پارلەمانی کوردستان لەئاست ئەو پێشلکارییە لەسەر کەیسی ئەنفال جێگەی دلگرانی ئێمەیە ،چەند دلگرانین بەوەی کە ئەم گەمە سیاسیە لەسەر حسابی قوربانیەکانی ئێمەیە

،ئەوەندەش دلگرانین بە کاریگەری نێگەتیڤی ئەم دەست تێوەردانە لەسەر ئایندەی دەسەلاّتی دادوەری لە عێراقدا. دەبێت دەسەلاّتی سیاسی کوردستان هەڵوێستی جدی لەسەرئەم بابەتە هەبێت و خەمێك لە ماندو بون و قوربانیەکانی ئێمە بخۆن و بزانن دەسکەوتەکانی ئەمڕۆمان لە ئە نجامی خوێنی شەهیدا ن و قوربانیانی ئەنفال و کیمیاباران و خەباتی شۆڕشگێرانەی خەڵکی کوردستانە .هاتوین و هەڵگری پەیامی دایکان و باوکانی جگەر سوتاوین، هەڵگری پەیامی مندالاّنی باوك و دایك ئەنفالکراوین, هەڵگری پەیامی ئەو ئازیزانەین کە بیست ساڵە ئازیزترین و خۆشەویستترین کەسەکانیان لە دەست دا، هەڵگری پەیامی (284) گۆڕی بە کۆمەڵین کە چاوەڕوانی گەڕانەوەن بۆ باوشی نیشتمان. بە شێوەیەکی گشتی داوادەکەین پشتگیری بکرێت لە جیٚ بە جیٚ کردنی بڕیارەکانی دادگای بالاّی تاوانەکان لە عێرا ق بەتایبەت بڕیارەکانی دادگا لەسەر کەیسی ئەنفال ، بێگومان جێبەجێکردنی بڕیارەکانی دادگا لە سەر کەیسی ئەنفال و تاوانبارانی پەلاماری ئەنفال باشترین قەرەبوە بۆ قوربانیانی کارەساتی ئەنفال.

لە کۆتایدا داوا دەکەین بڕیارەکانی دادگا بە زووترین کات جێبەجیٚ بکرین و بە هیچ پاساوێك دوا نەخری.

کەس و کاری ئەنفال کراوەکان لە گەرمیان

2007/11/22

1. ڕێکخراوی ئەنفالەکانی کوردستان /هەولێر
2. لیژنەی داکۆکی لەکەسوکاری ئەنفالکراوەکانی گەرمیان / کەلار
3. کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیابارنی هەڵە بجە
4. لیژنەی نوێنەرایەتی کەسوکاری ئەنفالکراوەکانی کفری
5. کۆمەڵەی زیندانە سیاسیەکانی ئەنفال لەگەرمیان
6. سەنتەری ئەنفال /هەولێر
7. لیژنەی نوێنەرایەتی کەسوکاری ئەنفالکراوەکان لەچەمچەماڵ
8. نوێنەری بەجیهانیکردنی ئەنفال وکیمیابارانی هەڵە بجە وناوچە جیاجیاکانی تر
9. ڕێکخراوی ژیانی نویٚ بۆژنانی ئەنفال
10. ناوەندی چاك (کۆمیتەی هەڵە بجە- گەرمیان) www.chak.be
11. ڕێکخراوی ڤەرژین بۆئافرەتانی بەجێماولە ئەنفالی بارزانیەکان
12. خانەی فێرکاری لاوانی هەڵە بجە
13. لیژنەی نوێنەرایەتی کەسوکاری ئەنفال ( خورماتوو)

